


دیداری-دامون

**پاش ئەوەی لەلایەن بەشی بەرهەمهینانیهونەریی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی (ی.ن.ك)ەوە بانگهیشتکران، سەرلەبەیانی رۆژی 5/4 لە سنووری پەرویزخانەوە لەلایەن هونەرمەندان ئەنوەر قەرەاغی و فازل قەساب-ەوە پیشوازییان لیکراو گەیشتنە شاری سلیمانی، رۆژانی (5-2002/5/6) لە هۆلی سلیمانی سەنتەری چالاکی گە نجان، گروپی مۆسیقای (ئاوا)ی شاری کرماشانی کوردستانی ئیران، کۆنسیرتی (سۆزی گەرمیان)یان پیشکەشکرد.**

**لە چاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ گروپەکە لە هۆڵی ئۆتێل ئاشتی، وەك سەرەتا هونەرمەند ئیبراهیمی ئەحمەدی-مان دوان کە سەرپەرشتیکاری گروپەکەیە، ئەو کە ئامێری کەمان دەژەنێت وتی:**

-گروپەکەمان پانزە ساڵ دەبێت دروست بووە، بەردەوام کارو چالاکی خۆی ئەنجامداوەو بەرهەمەکانی لە تەلەفزیۆنەکانی کرماشان و کوردستان (سنە)و تاران-ەوە پەخشکراون، هەروەها لە چەند فیستیڤاڵێکدا پلەی یەکەمان بەدەستهێناوە.

***ئامانجی گروپی (ئاوا)و ئەو بڕوایەی کاری لەسەردەکات چییە؟**

مەبەستی سەرەکیمان ئەوەیە کە کۆمەڵێ لە دەوری یەکتر کۆبکەینەوەو سەرقاڵی کاری هونەری بین، لە پێناوی زیندووکردنەوی فۆلکلۆردا، هەر لە کرماشانەوە تادەگاتە چوار دەوری بۆ پاراستنی ئەو کلتوورە.

***وەك ئەوەی گرنگی بە فۆلکلۆر دەدەن، تا چەند هەوڵتان بۆ ئەوە داوە لەنێو فۆلکلۆردا کاری داهێنەرانە ئەنجامبدەن؟**

-ئەوەی لە کۆنسێرتی ئاوا-دا گوێبیستی بوون زۆربەی ئاوازو کارەکان بەرهەمی من بوون، ئەو کارانەش بەرهەمی کۆن و پێشتربوون یا کاری بیست ساڵ لەمەوبەر بوون، من هاتووم سەر لەنوێ بەشێوەی تازە کارم تێدا کردۆتەوەو هەوڵمداوە بەرگێکی نوێیان پێببەخشم کە هەندێك لە کارەکان لەوەوپێش لەلایەن حیشمەتی لوڕنەژاد، پیرخدری، برایانی سابور-ەوە وتراون.

***گروپی (ئاوا) بەو بەشداریکردن و چالاکیانە، تاچەند توانیوێتی لەناو ئێراندا جێگەیەکی دیاری هەبێت؟**

-لە چەند فیستیڤاڵدا وەك وتم پلەی یەکەممان بەدەستهێناوە، لەوانە فیستیڤاڵی فەجر، کە ڕەسمیترین فیستیڤاڵی ئێرانە، هەروەها لە فیستیڤاڵی (دفاعی مقەدەس) هەم وەك ئاوازدانەرو مۆشیقاژەن و هەم گروپەکەش یەکەممان بەدەستهێناوە.

***دەکرێ پێمان بڵێیت چۆن ئاشنای مۆسیقا بوویت؟**

-هەر لە منداڵییەوە گوێم لە ڕادیۆ دەگرت و لەوێوە بە مۆسیقا ئاشنابووم و واملێهات بەشوێن مۆسیقادا بڕۆم، کە بەهەوڵ و ماندووبوونی خۆم گەیشتمە ئەوەی ئامێر بە دەستمەوە بگرم، تا ئەوکاتەی چوومەلای خوالێخۆشبوو (د.یونسی و ئاغای سەمەدی) کە لە شاگردانی خوالێخۆشبوو (عەبدولحەسەنی سەباك) بوون-مۆسیقام خوێندووەو تاگەیشتوومەتە ئەم پلەیەی ئیستا؟

***ئاغای ئیبراهیمی چۆن لەئیستای موزیکی ئیران دەدویت؟**

-موزیکی ئیستا ئەوە نییە کە جیاوازی موزیکی پۆپ بیت، ئیستا کەمیك نزیکایەتییان پەیداکردووە، بۆ نموونە کە ئیستا موزیك ژەنیك کیبۆردیك دادەنیت و گۆرانیبیژیك دینیت بەبێ ئەوەی

خۆی ماندوو بكات دەستدەكات بە گۆرانی وتن‌و بەرهەمهێنان، بەم شێوەیەش میلۆدییە فۆلكلۆرییەكان خراپ‌و تێكدەدەن، بەڵام ئێمە حەزدەكەین بەسازی سوننەتی(ناوچەیی)و بە گروپ بێت، هەم جوانترو هەم سەركەوتووترە، كاری سەر ئامێری ئەلیكترۆنێك هونەر نییە، چونكە ئامێرێك‌و گۆرانیبێژێك‌و بەس گەر نا مۆسیقای فۆلكلۆری كرماشان بەشێوەیەكی باش بەرەو پێشەوە دەڕوات‌و من بۆ خۆشم ئێستا لەو بەرهەمانە ڕازیم.

موزیكی كوردستانی عیراقیش بە تواناو بەهێزە، هەروەها مامۆستایان كەریم كابان، حەمە جەزا كە لەسەرەتایانەوە ئێمە پێیان ئاشنابووین كاری باشیان كردووە، هەروەها لە پێشتریشەوە ئێمە موزیكی ئێرەمان بەچالاك زانیوەو لە ڕێگای كارەكانی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغییەوە ناسیوە، بۆیە فرە خۆشبینین‌و ڕازیشین لەو بەرهەم‌و كارانە.

***جەنابتان پێتان وایە سەرەتایەكە بۆ كارەكان، لەگەڵ ئەوەی دەوترێت فۆلكلۆر لەبن دەچێت؟**

-هەمیشە ئازاری دڵمان ئەوەیە مۆسیقا بەرەو شوێنێكی وادەچێت كە ئامێری جازو سوننەتی ئاوێتەی یەك دەكەن، یا ئاهەنگی توركی دێنێت‌و كوردی دەخاتە سەری، یا كوردی دینیت فارسی دەخاتەسەر، ئەمانە خیانەتن‌و نابیت بكرین، مۆسیقا دەبیت ڕەسەنایەتی هەبیت، چونكە فۆلكلۆرەكەمان ریشەی هەیە لەناو ڕەسەنماندا، دەبیت ریگری لەو كارانە بكریت كە ئەمانەش بەكاری جوان دەكریت، تا ئەو فۆلكلۆرو ڕەسەنایەتییە لەبن نەچن.

**پاشان هونەرمەندی گۆرانیبێژ بەهزادی بەهمەنی لە گەرانەوەیەكیدا بۆ سەرەتاكانی گۆرانی وتنی، بەمشێوەیە ئەو چیرۆكەی بۆ گیراینەوە:**

-من بەهزادی بەهمەنی، خەلكی پاوەو هەورامان، هەر لە تەمەنی منداڵییەوە پەیوەندیم بە خویندنەوەوە هەبووە، سەردەمانیك گویگری مامۆستا مەزهەری خالقی بووم‌و ئەوەش كاری كردە سەرم‌و سەرسام بووم بە دەنگی، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دەست بە گۆرانی وتن بكەن، كە هەر لە تەمەنی منداڵیمەوە لە قوتابخانەو بۆنە جیاجیاو مەراسیمەكاندا گۆرانیم وتووە، تا سالی 1367-ی ئیرانی كە بەشیوەیەكی ڕەسمی دەستمكردووە بە كاری هونەریی سازی سەنتورم لە خزمەتی مامۆستا ڕەزا ڕەزایی لە شاری سنە خویندووە پیشتر كارەكانمان بۆ تەلەفزیۆنی كرماشان تۆماردەكرد، هەروەها لەگەڵ كاك سیامەندی نەجەفی كە گروپیكی تایبەتی هەیە كارم كردووەو چەندین كۆنسیرتمان لەشارەكانی ئیراندا پیشكەشكردووەو لە چەند فیستیڤالیكدا خەلاتم لەسەر مەقام‌و گۆرانی وەرگرتووە، ئیستاش بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچیت لە خزمەتی گروپی (ئاوا)دا كاردەكەم.

***ئەوەندەی هەستمان پیكردو گویمان لە گۆرانیەكانتان گرت، ئەوە بەدیار دەكەویت كە دەگەرینەوە بۆ بەرهەمەكانی رابردوو، لەویوە دەتانەویت بەردەوام بن، ئایا ئەمە ریچكەی تایبەتی ئیوەیە؟**

-ناسنامەی میللی هەر قەومیك دەبیت بمینیتەوە لەئەرشیفدا، بەداخەوە لە كوردستانی هەردوو دیودا، بەو شیوە دیارەی كەدەبیت ئاساری دەنگ‌و گۆرانی بەشیوەیەكی زانستی نابینریت‌و ئارشیفیكی باش نییە، مەبەستم لە كارە فۆلكلۆرییەكانە، بۆ نمونە برایانی كامكار هاتوون بە ناوی زەردی خەزان كارەكانی مامۆستا سەید عەلی ئەسغەریان زیندووكرۆدتەوە بەشیوەیەكی زانستی كە میلۆدییەكە هەمان میلۆدی مامۆستا سەید عەلی ئەسغەرە، كە بەوشیوە جوانە دووبارەیان كردۆتەوە زۆریش جوانەو پیشوازی لیكراوە.

بۆ خۆشم دەنگم لە مامۆستا مەزهەری خالقی-یەوە نزیكە، گەرچی من حەدم نییە پی بنیم بەشوین پیی مامۆستا خالقی، بەڵام ئەوبوو بە پالنەریك بۆ من، ئەوەش دەلیم كە من هۆرە بكەم دەنگم هەر لەو دەنگە دەچیت، مامۆستا خالقیش چەند كاریكی هەیە كە جوان خویندوویەتی‌و میلۆدییەكەی جوانە، بەڵام لەوكاتەدا تەنزیمی باش نەبووە بۆیە حەز دەكەم بە ئامیری زیاترو بەشیوەیەكی زانستیانەتر بیلیمەوە هەر ئەوكاتەشی دەستمكرد بە گۆرانی وتن پییان دەوتم تۆ لاسایی مامۆستا خالقی دەكەیتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هەر لە منداڵییەوە گویم لیگرتووەو ئەو ئارەزووەی بە دەنگی ئەو هەمبوو، كاریگەریی لەسەرم هەبووە بۆیە هیوادارم بتوانم پییەك بنیم بە جیگای پیی ئەوداو لە داهاتوودا ئەو بەرهەمانە، جیگای رازی بوونی گویگربیت.

**هەروەها هونەرمەند جەمشیدی عەزیز خانی كە یەكیكیتر بوو لە هونەرمەندە گۆرانیبیژەكانی گروپەكە. لە باسی میژووی كاركردنیدا وتی:**

-لەسالی 1354-ەوە كە نزیكەی سێ ساڵ دەكات وەك ئاوازدانەر كاردەكەم‌و هەم وەك گۆرانیبیژیش كە تائەمرۆ بەردەوامم لەكاركرندا.

كارەكانیشم لەریگەی تیپی سەمفۆنیای تاران-ەوە دەستپیكرد، هەروەها دواتریش لەگەڵ مامۆستا موچتەبای میرزادە، برایانی یوسف زەمانی‌و سوهەیلی ئەیوانی كارمكردووە، هەروەها لە كرماشانیش لەگەڵ گروپی (ئاوا)و زۆربەی گروپەكانی تردا پەیوەندیم هەیەو هەبووە بۆ كاركردن.

***ئایا ئارەزوو دەكەیت لەنیوان هەردوو كەلتووری كوردو فارسدا، لەكامیاندا كاربكەن، یا دەتانەویت لە نیوان هەردوو ئەو فۆلكلۆرەدا كاربكەن؟**

-بە ئەندازەی چوارسەد گۆرانیم هەیە، كە لە هەموو ئاوازەكانی لەخۆگرتوە، وەك كوردی، فارسی‌و تا بە پۆپ-یش دەگات، بەڵام من بۆ خۆم تیروانینم وایە كە دەبیت گۆرانیبیژ توانای لە هەموو ئاوازەكاندا هەبیت بۆ گۆرانی وتن، كە ئەمەش بۆ شارەزایی دەگەریتەوەو دەبیت ئەو شارەزاییەشمان هەبیت.

***دەتوانین بلین گەر گۆرانیبیژیك مەقام نەزانیت گۆرانیبیژ نییە؟**

-مەقام خویندن خۆی ویژەیەكەو قودرەتیكە دەبیت هەموو گۆرانیبیژیك هەیبیت، بەڵام گەر یەكیكیش نەتوانیت بیلیت ئەمە نیشانەی نەزانین نییە، چونكە ئەو دەتوانیت گۆرانیی‌و بەستەكان بلیت.

***هەر كەسیك بۆ خۆی بیرو فەلسەفەیەكی تایبەتی هەیە، ئایا ئاغای جەمشیدی عەزیزخانی بۆ ئەمە چیمان پیدەلیت؟**

-عەشق.. فەلسەفەی من عەشقە، مەبەستم ئەوەیە هەر گۆرانییەكم وتبیت، بە عەشقەوە بووە، گۆرانیم بۆ سروشت، بۆ مرۆڤ، بۆ سروتە ئاینییەكان وتبیت هەر بە عەشقەوە خویندوومە.

***دەوتریت ئیرانییەكان هەموو دەنگیان خۆشە! ئیوە پیتانوایە؟**

-ئەم پرسیارە مانای ئەوە نییە كوردستانی عیراق دەنگخۆشی تیدا نییە، یا كوردستانی ئیران هەموو دەنگخۆشن، بەڵام مەسەلەیەكی گرنگ كە دەبیتەهۆی ئەوەی ئەم پرسیارە بكریت، ئەوەی لە كوردستانی عیراقدا تەنها چوارچیوەیەكی تایبەتی هەیە بۆ گۆرانیبیژ، چونكە دەزگای مۆزیك‌و مەقامەكان كەمن، بەڵام ئیمە حەوت دەزگای مۆزیكیمان هەیە، كە هەریەك حەفتا بۆ هەشتا لقی لیدەبیتەوە، ئەمەش وادەكات گۆانیبیژ دەستكراوەتر بیت و سنوریان بۆ نەبیت.. بەبروای منیش بوونی ئەو دەزگایانە هۆكارن بۆ كردنی ئەو قسەیەی بلین ئیرانییەكان دەنگیان خۆشە، بەڵام بەشیوەیەك گۆرانیبیژەكانی ئیرە دەنگیان لە ئیمە باشترە.

ئەندامانی گروپی (ئاوا) لەم هونەرمەندانە پیكدین:

**ئیبراهیمی ئەحمەدی (كەمان)، كامبیزی فەیلی(كەمان)، عەلی ئەحمەدی (سەنتور)، هومەن ئەزەرنیا (دەف)، ئومید مەلەكی (تنبك)، فەرزاد ئەفزەلی (تار)، مەزرەك ئەحمەدی (بم تار)، ئەاش سەمیمی (نەی)، شەهاب موتتەقی فەر(عود)، جەمشید عەزیز خانی (گۆرانیبیژ)، بەهزاد بەهمەنی (گۆرانیبیژ).**